Asylum Support Partnership
help and advice

Kurdish (Sorani) March 2009

# داواکردنی پشتگیری پەنابەری

زۆربەی داواکارانی پەنابەری مافی کارکردنیان نیە. لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا لەوانەیە بشێیت کار بکەیت بەڵام لەم بارەیەوە پێویستتان هەیە بە ئامۆژگاری.

لەبەر ئەوەی پرۆسەی داواکردنی پەنابەری لەوانەیە کاتێکی زۆر بخایەنێت، پێویستە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن پێداویستیەکانی ژیانت دابین دەکەیت. لەوانەیە بشێیت داوای پشتگیری لە ئاژانسی سنوورەوانی بەریتانیا (UK Border Agency - UKBA) بکەیت. UKBA دایرەیەکی حکومییە کە بەرپرسە لە پشتگیری کردنن لەو داواکارانی پەنابەرییەی کە دەستیان کورتە. UKBA دەتوانێ شوێنی حەوانەوە و یرە پارەیەك بۆ کڕینی خۆراك و جل و بەرگ دەستەبەر بکات. ئەگەر شوێنی حەوانەوەت هەیە، بۆ نمونە لەگەڵ هەواڵانت یان چەند خزمێکت دەژیت، ئەوا دەتوانی تەنیا داوای یارمەتی پارەی کاش بکەیت. پشتگیریی پارەی کاش هەروەها بە 'پشتگیری گوزەرانی ژیان' یش ناسراوە.

ئەگەر ناتوانی خۆت بەخێو بکەیت، ئەوا دەتوانی لە هەموو قۆناغێکی پرۆسەی داواکردنی پەنابەریتدا داوای پشتگیری لە پەنابەری بکەیت. ئەگەر UKBA و/یان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئێوە وەکو کەسێکی تەمەن کەمتر لە 18 ساڵ قبووڵ بکات و تەنیا بۆ خۆت داوای پەنابەری دەکەیت، ئیتر دەسەڵاتی خۆجێیی پشتگیریت پێشکەش دەکات. ئێوە ئەگەر پێویستتان هەبێت، هاوکات لەگەڵ داوای پەنابەریەتی دەتوانن بۆ پشتگیری داوانامە پێشکەش بکەن و UKBA دەبێت ئامادەکاری بۆ نیشتەجێ بوونی کاتی ئێوە لە کاتی پڕکردنەوەی داواکاریەکەتاندا بۆ ئێوە دابین بکات.

## کێ مافی وەرگرتنی پشتگیری لە UKBA ی هەیە؟

لەوانەیە پێویستیت بە شوێنی حەوانەوە و پارەی کاش بێت، یاخود پێویستیت بە پارەی کاش بێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە چەند شت بە UKBA بسەلمێنێت:

- داوای پەنابەریت کردوە و داواکاریەکەی ئێوە رەت نەکراوەتەوە
- کەسێکی دەستکورتیت (پارەیەکی کەم یان هیچ پارەیەك و شوێنی مانەوەت نیە)
- بەزووترین کات دوای گەیشتنت بۆ شانشینی یەکگرتوو و لەچوارچێوەی کاتێکی ماقووڵدا بەبێ دواکەوتن داوای پەنابەریت کردوە
- کە تەمەنتان لە سەرەوەی 18 ساڵە

## واتای 'بەزووترین کات و لە چوارچێوەی کاتێکی ماقووڵدا' چییە؟

ئەمە بەسەر ئەو خەڵکانەدا دەچەسپێت کە داوای نیشتەجێ بوون و پشتگیری ماڵیان کردووە و کسانێ کە تەنیا داوای پشتگیری پارەی کاش دەکەن. لە کاتی وردبوونەوە لە داواکارییەکەت بۆ تەنیا پشتگیری پارەی کاش (تەنانەت ئەگەر پێشتر شوێنی حەوانەوەت هەبووە و پارەی کاشت وەرگرتوە و دەتەوێت تەنیا پارەی کاش وەربگریت)، ئەوا UKBA لەم بابەتانە ورد دەبێتەوە

بڵاڤۆکی وەرگێڕاوی تر لە ناونیشانی http://languages.refugeecouncil.org.uk دا هەیە

Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT reg no: 936 519 988

- ئایا لە ماوەی سێ رۆژی یەکەمی گەیشتنت بۆ ئەم وڵاتە داوای پەنابەریت کردوە یان نا؛
- ئایا ئەو داستانەی دەربارەی شێوەی گەیشتنت بۆ ئەم وڵاتە گوتوتە جێی بڕواپێکردنە یان نا.

بەشێوەیەکی ئاسایی UKBA کەڵك لەو زانیارییە وەردەگرێت کە لەکاتی داوای کردنی پشتگیری پێیان دەدەیت بۆ ئەوەی لێیان روون بێتەوە کە ئایا 'بەزووترین کات و لە چوارچێوەی کاتێکی ماقووڵدا' داوای پەنابەریت کردوە یان نا. ئەگەر UKBA نەتوانێ بڕیار بدات کە پشتگیریت پێ بدات یان نا، یان ئەگەر لەسەر ئەو باوەرە بن کە بە زووترین کات داوای پەنابەریت نەکردوە ئەوا بانگهێشتنت دەکەن بۆ ئەوەی لە چاوپێکەوتنێك کە لە کرۆیدن، گلاسکۆ یا لیڤێرپول بەرێوە دەچێت ئامادەبیت. ئەگەر UKBA ئاگادار بکەیت کە پارەی سەفەر کردن بۆ کرۆیدنت نییە ئەوان لەوانەیە چاوپێکەوتنێکت لە نووسینگەیەکی خۆجێ یی ئەو ناوچەیە بۆ رێك بخەن کە تێیدا دەژی. **زۆر گرنگە کە لەم چاوپێکەوتنە ئامادە بیت ئەگەر دەتەوێت بیسەلمێنێت کە پێویستیت بە پشتگیری هەیە و بەزوورترین کات و لە چوارچێوەی کاتێکی ماقووڵدا داوای پەنابەریت کردوە.**

ئەگەر ئەم حاڵەتانەی خوارەوە لە ئارادابن ئەوا UKBA داوای پشتگیریت رەت ناکاتەوە:

- ئەندامی خێزانێکیت کە منداڵێکی تەمەن کەمتر لە 18 ساڵیان هەیە؛
- پێداویستییەکی تایبەتت هەیە، بۆ نمونە کەم ئەندامەتیەکی عەقڵی یان جەستەییت هەیە؛ ئەگەر پێداویستییەکی تایبەتت هەبێت ئەوا بەگوێرەی یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی پێداویستیەکانت لەلایەن دەسەڵاتێکی خۆجێییەوە هەڵدەسەنگێنرێن. هەندێك لە داواکارانی پەنابەری کە پێداویستیی تایبەتیان هەیە دەکرێت لەلایەنUKBA وە شوێنی حەوانەوە و یارمەتی زیاتریان بۆ دەستەبەر بکرێت؛
- ئەگەر بتوانیت بیسلەمێنێت کە لە حاڵەتێکدا حکومەت پشتگیریت پێشکەش نەکات ئەوا بەگوێرەی پەیمانی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی نامرۆڤانە و ناعادڵانە مامەڵەت لەگەڵ کراوە. لەوانەیە پێویستیت بەو وەرگرتنی ئامۆژگاری یاسایی بێت بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا ئەمە حال‌ەتی تۆ دەگرێتەوە یان نا.

ئەگەر پێشتر لە شانشینی یەکگرتوو ژیاویت، و لە ئەنجامی گۆرانیی بارودۆخی وڵاتەکەت داوای پەنابەریت کردوە، ئەوا UKBA لەوە ورد دەبێتەوە کە ئایا بەزووترین کات داوای پەنابەریت کردوە یان نا.

## چۆن داوای پشتگیری لە UKBA دەکەم؟

ئەو رێکخراوە پەنابەرییانەی کە ناویان لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا نووسراوە یارمەتیت دەدەن داوای پشتگیری لە UKBA بکەیت. چەندین رێکخراوی تریش هەن، وەکو نووسینگەی ئامۆژگاری هاوڵاتیان (Citizens Advice) و گروپەکانی پەنابەرانیش کە رەنگە بتوانن لەمبارەوە یارمەتیت بدەن. ئەگەر لە ناوەندێکی دەرکردن دەست بەسەر کراویت و لە داوای کەفالەتەکەتدا سەرکەوتوو بوویت، ئەوا یەکێك لە رێکخراوەکانی پەنابەری یارمەتیت دەدات داوای پشتگیری لە UKBA بکەیت.

## پێویستیم بە شوێنی حەوانەوە و پارەی کاش هەیە

دەتوانی هاوکات لەگەڵ شوێنی حەوانەوە داوای پارەی کاشیش بکەیت. ئەگەر لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانیت بریارێك سەبارەت بە داوای پشتگیریت لە UKBA دەربچێت هیچ شوێنێکت بۆ مانەوە نییە، کاتێ کە داوای پەنابەریەتی دەکەن UKBA شوێنێکت لە ناوەندێکی پێشوازی کردنی سەرەتایی بۆ دەستەبەر دەکات یان خانووبەرەیەکی کاتیت بۆ دەدۆزێتەوە. ئەگەر پێشتر بۆ پەنابەریەتی داواکاریتان پێشکەش کردووە و پاش ئەوە هەروەها بە بێ سەرپەنا بوون، رێکخراوەیەکی پەنابەریەتی دەتوانێت ئێوە بۆ نیشتەجێگەیەکی سەرەتایی بە UKBA بناسێنێت، نیشتەجێگەی سەرەتایی شوێنێکە ئەوانەی بە دوای پەنابەریەتیەوەن لەوێدا دەمێننەوە و بە شێوەی کاتی چێشت و یارمەتی ماڵییان پێ دەدرێت.

**UKBA رەزامەندە کە شوێنی حەوانەوەم بۆ دەستەبەر بکات**

ئەگەر UKBA بریار بدات کە شیاوی وەرگرتنی وەرگرتنی پشتگیریت، کارێکی وا دەکات بچیتە ئەو خانوەی بۆت دەستەبەر دەکرێت، کە زۆر جار لە دەرەوەی لەندەن و لە ناوچەی باشووری رۆژئاوای

ئینگلتەرا هەڵکەوتوە (بەم جۆرە نیشتەجێ بوونە، نیشتەجێ بوونی بڵاوەپێکراویش دەگوترێت). نیشتەجێ بوونی بڵاوەپێکراوی ئێوە هەر لەو ناوچەیە دایە کە نیشتەجێ بوونی سەرەتایی ئێوە لەوێدا بووە. مافی ئەوەت نابێت بە UKBA بڵێیت بۆ چ شوێنێکت بنێرێت، بەڵام پێویستە پێداویستیی جەستەیی و بارودۆخی تایبەتی ژیانت لەبەرچاو بگیرێن. پێش ئەوەی بۆ شوێنی حەوانەوەی UKBA بنێردرێیت، هەندێك زانیاری گرنگ دەربارەی شوێنی ژیانت، چۆنیەتی چوونت بۆ ئەم شوێنە و چۆنیەتی وەرگرتنی پارەی کاش پێدەدرێت و هەروەها پێت دەگوترێت ئەگەر لە شوێنی حەوانەوەی تازەتدا تووشی کێشەیەك هاتیت پێوەندی بە چ کەسێکەوە بکەیت.

### چ جۆرە خانووبەرەیەکم پێدەدرێت؟

زۆر جار ئەو شوێنی حەوانەوەیەی کە UKBA بۆتی دەستەبەر دەکات بریتی دەبێت لە، خانووبەرەیکی هاوبەش یان فلات. چەند خاوەن مۆڵکێك ئەم شوێنانە بەرێوە دەبەن. ئەوان بەرپرسن لە دابین کردنی پێخەف و ئامرازی سەرەتایی چێشتخانە و یارمەتیت دەدەن پێوەندی بەو خزمەتگوزاریانەیەوە بکەیت لە ناوچەکەدا دەستەبەر کراون و کەڵکیان لێوەربگریت. بۆ وێنە ئەوان دەتوانن ناونیشانی ئەو دکتۆر، و نوێنەری یاسایی و قوتابخانە و کۆلیجانەت پێ بدەن کە نزیك لە شوێنی حەوانەوەتن. خاوەن مۆڵکەکەت هەروەها دەبێ لەوە دڵنیابێت کە شوێنی حەوانەوت بەشێوەیەکی گونجاو چاك کراوەتەوە و هیچ کەم و کووریەکی نییە. ئەگەر هەر جۆرە نیگەرانییەکت سەبارەت بە شوێنی حەوانەوەت هەیە یان دەستت بە خزمەتگوزارییە خۆجێییەکان راناگات لەگەڵ خاوەن مۆڵکەکەت قسە بکە یان پێوەندی بە خزمەتگوزاری یەك وێستگە (One Stop Service) ی خۆجێییەوە بکە. تکایە لە بیرتان هەبێت کە رەنگە داواتان لێکرێت کە لەگەڵ کەسێکدا کە نایناسن ببنە هاوماڵ.

### چ ماوەیەك لە خانووبەرەی UKBA دا دەمێنمەوە؟

UKBA چاوەروانی لێت هەیە لەو خانوەی بۆتی دەستەبەر دەکات بمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی رێگەت پێدەدات لێی دەربچیت. ئەگەر بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی لە خانوەکەت دەربچیت، UKBA دەتوانێ بەجارێك پشتگیری خانووبەرە و پارەی کاشت لێ ببرێت. ئەگەر دەتەوێت لە خانووبەرەی UKBA دەربچیت و لەگەڵ کەسێکی تر بژیت، پێویستە UKBA لە هەموو جۆرە گۆرانکارییەکی ئەوتۆ ئاگادار بکەیت. دەتوانی لەم نیشتەجێگەدا بمێنیەوە هەتا ئەو کاتەی کە UKBA بریارێك سەبارەت بە داوای پەنابەریت دەدات. ئەگەر UKBA مافی پەنابەری، پاراستنی مرۆڤدۆستانە یان مۆڵەتی مانەوەی تایبەتیت پێ بدات ئەوا پشتگیری UKBA ت دوای 28 رۆژ رادەگیرێت و ئەمەش بەو واتایەیە کە پێویستە لەماوەی 28 رۆژدا لە شوێنی حەوانەوەت دەربچیت.

### ئایا ئەگەر داوای پێداچوونەوە بکەم UKBA پشتگیریم پێشکەش دەکات؟

ئەگەر UKBA داواکاریی پەنابەریەکەت رەت بکاتەوە بەڵام لەماوەی مۆڵەتی دیاریکراو لەلایەن ئەوانەوە داوای پێداچوونەوەت کردوە، ئەوا دەتوانی لە خانووبەرەکەتدا بمێنێتەوە و پشتگیری خۆشت بەردەوام وەردەگریت. ئەگەر گەیشتوویتە قۆناغی کۆتایی پرۆسەی داواکردنی پەنابەریت و هیچ مافێکی ترت بۆ ئاراستە کردنی پێداچوونەوە نەماوە، UKBA لەپاش 21 رۆژ دوای ئەوەی داوای پەنابەریەکەت بەیەکجاری رەت دەکرێتەوە پشتگیریت رادەگرێت. بەڵام لەوانەیە بتوانی داوای پشتگیری سکشن 4 بکەیت کە بە پشتگیری حاڵەتە دژوارەکان ناسراوە. تکایە بڵاڤۆکی گروپی هاوبەشی پشتگیری لە پەنابەران (Asylum Support Partnership) لە ژێر سەردێری 'ئایا کەسێکی دەستکورتیت و گەیشتوویتە کۆتایی پرۆسەی پەنابەریت؟' لە ناونیشانی http://languages.refugeecouncil.org.uk دا یان ئەگەر لە سکۆتلەندا دەژین، بڵاڤۆکی شۆرای پەنابەرانی سکۆتلەند لە ژێر ناوی 'پشتگیری سکشنی 4' چاولێکەن. راوێژکاری یاساییت یان نزیکترین رێکخراوی پەنابەری لەوانەیە بتوانن سەبارەت بە داواکاریەکە یارمەتیت بدەن. ئەگەر منداڵی کەمتر لە 18 ساڵت هەیە و چاودێریان لێدەکەیت، ئەوا پێویستە پشتگیری بەردەوام وەربگریت تەنانەت ئەگەر داوانامەی پەنابەریت رەت کرابێتەوە.

## تەنیا پێویستیم بە یارمەتی پارەی کاش هەیە

ئەگەر شوێنێکی ترت بۆ حەوانەوە هەیە، بۆ نمونە لەلای هەواڵانت یان خزمەکانت دەژی، ئەوا دەتوانی تەنیا داوای یارمەتی پارەی کاش لە UKBA بکەیت. بەشێوەیەکی ئاسایی هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەت لەلایەن UKBA ەوە رەنگە چەند هەفتەیەك بخایەنێت. لەم ماوەیەدا هیچ پشتگیریەک

پێشکەشی ئێوە ناکرێت و پشتگیری بەتەنیا لەو رێکەوتەوە پێشکەش دەکرێت کە داواکاریەکە پێشکەش کراوە و هیچ دووبارە پارەپێدانێک جێبەجێ ناکرێت. ئەگەر UKBA قەبوڵ بکات کە پارەی کاشت پێ بدرێت، ئەمانەی خوارەوە پێویستە روو بدەن:

1. UKBA نامەیەکت بۆ دەنێرێت و تێیدا ئاگادارت دەکات کە شیاوی وەرگرتنی پشتگیری پارەی کاشیت.
2. چەند ڤاوچەرێکی کاتیت پێ دەدرێت کە پێیان دەگوترێت تۆکنی جێگیری و پێویستە لەماوەیەکی کورتدا بەکاریان بێنی. دەتوانی ئەم تۆکنانە بەریتە هەموو پۆستەخانەیەك و پارەی کاشیان پێ وەربگریت.
3. ئەگەر کارتی تۆمار کردنی داوا (Application Registration Card - ARC) ت وەرگرتوە، لەوانەیە بتوانیت لەو پۆستەخانەیەی بۆت دەستنیشان دەکرێت یارمەتی خۆت وەربگریت. Sodexho کە بریتییە لەو کۆمپانیایەی کە ئەم پارەیەت پێدەدات نامەیەکت بۆ دەنێرێت بۆ دەستنیشان کردنی ئەو پۆستەخانەیەی کە پێویستە بۆی بچیت.

ئەگەر هەر جۆرە پرسیارێکت دەربارەی پشتگیری پارەی کاش هەیە یان تووشی هەر جۆرە گیر و گرفتێك بوویت پێویستە بەم ژمارە تەلەفۆنەی یارمەتی **0845 602 1739** پێوەندی بە UKBA ەوە بکەیت. یان سەردانی نزیکترین نووسینگەی خزمەتگوزاری یەك وێستگە بکەن. تکایە سەرنج بدەن کە ئەم بابەتە بۆ کەسانێکە هەم پارە و هەم نیشتەجێ بوون وەردەگرن.

### چی روو دەدات ئەگەر تۆکنەکانم یان کارتی ARC م وون بکەم؟

ئەگەر تۆکنەکانت یان کارتی ARC ت وون بکەیت، یاخود کەسێك ئەوانەت لێ بدزێت، ئەوا پێویستە وون بوون یان دزرانی تۆکنەکان یان کارتەکەت بە پۆلیس رابگەیەنیت بۆ ئەوەی بتوانی تۆکن یان ARC ێکی نوێ وەربگریت. پێویستە بەڵگەنامەیەکی نووسراو لەلایەن پۆلیسەوە وەربگریت کە دەبێ ژمارەی تۆمار کردنی تاوان، ناوی ئەفسەری پۆلیس و ناوی پۆلیسخانەکەی لەسەر نووسرابێت. پێویستە راپۆرتی پۆلیس بەم ژمارە فاکسە **020 8633 0653** بۆ UKBA بنێریت یان پێوەندی بە خزمەتگوزاری یەك وێستگەی خۆجێیی خۆتەوە بکەیت.

ئەگەر دەتەوێت ئەو پۆستەخانەیە بگۆڕیت کە یارمەتی خۆتی لێ وەردەگریت یان ئەگەر لە وەرگرتنی یارمەتی بەکارتی ARC کەت ئاستەنگێکت هەیە، دەبێت پێوەندی بە هێڵی تەلەفۆنی یارمەتی Sodexho وە بکەیت لەسەر ژمارە تەلەفۆنی **01276 687 099**. ئەگەر ئینگلیزی نازانیت ئەوا لەوانەیە پێویست بێت داوا لە وەرگێرێك یان هەواڵێکت بکەیت یارمەتیت بدات کە تەلەفۆن بکەیت.

### بارودۆخی ژیانم گۆڕاوە

ئەگەر تاکو ئێستا یارمەتی پارەی کاشت وەرگرتوە و بارودۆخی ژیانت گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و هەروەها پێویستیت بە شوێنێکی حەوانەوەش هەیە، دەتوانی لە قۆناغێکی دواتر داوای خانووبەرە بکەیت. پێویستە پێوەندی بە نزیکترین رێکخراوی پەنابەرانەوە بکەیت بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە یارمەتیت بدەن.

## UKBA دەتوانێ چ یارمەتیەکی ترم پێبدات؟

### یارمەتی دایکانە

دەتوانی بۆ منداڵێك کە تازە لەدایك بوە لە UKBA داوای یارمەتی بکەیت. ئەم یارمەتییە بریتییە لە تۆکنێکی £300 ی کە تەنیا جارێك دەدرێت. فۆرمی داواکردنی ئەم یارمەتییە پێویستە مانگێك بەر لە دایك بوونی منداڵەکە یان دوو هەفتە پاش لەدایك بوونی منداڵەکە پێشکەش بکرێت. هەروەها پێویستە لەگەڵ فۆرمەکەتدا بەڵگەی رۆژی لەدایك بوونی منداڵەکەت یان بەڵگەنامەی لەدایك بوونی منداڵەکەت بنێریت. ئەو منداڵانەی سێ مانگ یان کەمتر لە گەیشتنیان بۆ بەریتانیا لەدایك بوون دەتوانن کەڵك لە یارمەتی دایکانە وەربگرن. تکایە سەرنجی ئەوە بدە کە ئەو کەسانەی وا پشتگیری سکشنی 4 وەردەگرن، بەتەنیا دەتوانن £250 تۆكن وەرگرن.

### یارمەتی بۆ ژنانی دووگیان و منداڵان

ژنانی دووگیان و ئەو خێزانانەی تەمەنی منداڵەکانیان لەنێوان ساڵێك و سێ ساڵ دایە و لە UKBA یارمەتی وەردەگرن، شیاوی وەرگرتنی £3 زیاتر لەو برە پارەیەن کە هەفتانە لە UKBA ی وەردەگرن. هەروەها ئەو خێزانانەی کە منداڵی تەمەن کەمتر لە یەك ساڵیان هەیە شیاوی وەرگرتنی £5 زیاتر

لەو یارمەتیەن کە هەموو هەفتەیەك وەری دەگرن. ئەو کەسانەش وا پشتگیری سکشنی 4 وەردەگرن دەتوانن ئەم یارمەتییە وەربگرن.

**سەفەر کردن بۆ چاوپێکەوتنەکانی پەنابەری و پێداچوونەوە**

ئەگەر پشتگیری وەردەگریت، ئەوا UKBA هەقی سەفەر کردن بۆ ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنەکانی پەنابەری و پێداچوونەوەت پێدەدات. ئێوە دەتوانن داوای یارمەتی خەرجیی سەفەر بکەن. خزمەتگوزاری خۆجێیی یەک وێستگەت دەتوانێ سەبارەت بەم داواکارییە یارمەتیت بدات.

## زانیاریی تر

**چی دەبێت ئەگەر UKBA پشتگیریم پێشکەش نەکات؟**

ئەگەر UKBA نەیەوێت پشتگیریت لێ بکات، ئەوا رەنگە مافی ئەوەت هەبێت لە دادوەرێکی پشتگیری داوای پێداچوونەوە بکەیت، بەڵام لەو ماوەیەدا کە کار لەسەر داواکاریەکەت دەکرێت و چاوەڕوانیت بریارێکی لەسەر بدرێت ناتوانیت هیچ پشتگیرییەك لە UKBA وەربگریت.

**ئایا دەتوانم سەفەر بکەم؟**

سەربەستیت لەناوخۆی شانشینی یەکگرتوو (UK) دا سەفەر بکەیت، بەڵام ئەگەر لە خانووبەرەیەکی UKBA دا دەژیت ئەوا رێگەت پێ نادرێت لە حەوت شەو و حەوت رۆژی لەسەریەك یان 14 شەو و رۆژ لەماوەی شەش مانگدا لە شوێنی حەوانەوەت دوور بکەویتەوە. ئەگەر بەنیازیت بۆ ماوەیەك لە شوێنی حەوانەوەی خۆت دوور بکەویتەوە ئەوا پێویستە دابینکەری خانووبەرەی خۆت ئاگادار بکەیت. ئەگەر بۆ دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو سەفەر بکەیت، UKBA داواکاریی پەنابەریت پووچەڵ دەکاتەوە.

**لەو ماوەیەدا کە چاوەروانم بریارێك سەبارەت بە داوای پەنابەریم وەربگرم ئایا بۆم هەیە کار بکەم؟**

وەکو داواکارێکی پەنابەری مافی کارکردنت نییە. بەڵام ئەگەر ساڵێك زیاترە چاوەروانی وەرگرتنی وەڵامێك سەبارەت بە داوای پەنابەریت دەکەیت ئەوا دەتوانی داوای مۆڵەتی کارکردن بکەیت. پارێزەرەکەتان لەوانەیە بتوانن لەم بارەیەوە یارمەتیت بدەن. هەموو کەسێك دەتوانێ کاری خۆبەخش ئەنجام بدات کە ئەمە رێگەیەکی باشە بۆ دەستخستنی کارامەییەکی نوێ لە ژیاندا. دەبێ ئەم کارەی دەیکەیت بەراستی خۆبەخشانە بێت و لەبری هیچ پارەیەك وەرنەگریت. بەشێوەیەکی ئاسایی خاوەن ئیشە خۆبەخشەکەت خەرجی هاتوچۆ و ژەمی نیوەرۆت بۆ دابین دەکات.

## خاڵێکی گرنگ:

ئەگەر بارودۆخی ژیانت گۆرانکاری بەسەر هاتوە، بۆ نمونە، ئەندامێکی خێزانت هاتۆتەلات، یان ناونیشانت گۆراوە یان دەتەوێت داوای یارمەتی دایکانە بکەیت، ئەوا ئەگەر دەکرێت پێویستە پێش ئەنجامدانی ئەمانە UKBA ئاگادار بکەیت. ئێوە دەبێت دڵنیا ببنەوە کە ئەم زانیاریانە یان دەبێت بخرێنە سەر داواکاریەکەی پەنابەریەتیتان یان بە شێوەی جیا پێشکەش بکرێن، بەپێچەوانەوە رەنگە مەرجەکانی پشتگیریتان نەبێت. پێویستە نامەیەك بۆ UKBA بنووسیت و تێیدا بنووسیت کە بارودۆخی ژیانت گۆرانکاری بەسەردا هاتوە. تکایە کۆپییەکی نامەکە لەلای خۆت هەڵبگرە. ئەو رێکخراوانەی کە ناویان لە خوارەوە نووسراوە لەوانەیە بتوانن لەم بارەیەوە یارمەتیت بدەن.

**پشتگیری بۆ ئەو کاتەی بە هەموو قۆناغەکانی پێداچوونەوەی پەنابەریدا تێپەر بوویت و سوودت لێوەرنەگرتوون**

ئەگەر داوای پەنابەریت وێرای پێداچوونەوە بە یەکجاری بریاری کۆتایی لەسەر دراوە و UKBA ئاگاداری کردوویت کە چیتر مافی ئاراستە کردنی پێداچوونەوەت نەماوە، لەوانەیە بشێیت پشتگیری لە UKBA وەربگریت کە بە سکشن 4 ناسراوە. بۆ وەرگرتنی زانیاریی سەبارەت بە چۆنیەتی داواکردنی ئەم پشتگیرییە تکایە بروانە نامیلکەی پشتگیری لە پەنابەری بەناوی 'ئایا کەسێکی دەستکورتیت و گەیشتوویتە دوامین قۆناغی داوای پەنابەریت؟' لەسەر http://languages.refugeecouncil.org.uk یان پێوەندی بە خزمەتگوزاری خۆجێیی یەك وێستگەی خۆتەوە بکە.

## سەرچاوەکانی یارمەتی و ئامۆژگاری

ئەو ڕێکخراوانەی کە بۆ پەنابەران کار دەکەن، ناوەندی سەرچاوەی چەند کەلتووری ( Multi-Cultural Resource Centre)، خزمەتگوزاری پەنابەرانی باکووری بەریتانیا ( North of England Refugee Service)، چالاکیی پەنابەران (Refugee Action)، لەوانە ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council)، ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندی (Scottish Refugee Council) و ئەنجومەنی پەنابەرانی وێڵش (Welsh Refugee Council) بریتین لەو ڕێکخراوە سەرەکییانەی کە یارمەتی و ئامۆژگاری بۆ داواکارانی پەنابەری دەستەبەر دەکەن. ئەوانە لەو بڕوایە دان کە هەموو داواکارێکی پەنابەری یان پەنابەرێك دەبێ بە ڕێز و حورمەت و تێگەیشتن لە ئاستەنگەکانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم ڕێکخراوانە لەڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی یەك وێستگە (One Stop Services) ەوە لە ناوچە جیاجیاکانی شانشینی یەکگرتوودا ئامۆژگاری و زانیاریی سەبارەت بە شوێنی حەوانەوە، یارمەتی پارەی کاش، پەنابەری، تەندروستی و چەندین بابەتی تر پێشکەش بە داواکارانی پەنابەری و پەنابەران دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە سەربەخۆن و کار بۆ حکومەت ناکەن. ئەو کارمەندانەی لەم ڕێکخراوانەدا کار دەکەن هەموو کاتێك لەپێناوی بەرژەوەندی تۆدا ئامۆژگاریت دەکەن، بەڵام تکایە ئەوەت لەبیر نەچێت کە لەتوانایاندا نیە بڕیاری دایرەکانی حکومی بگۆڕن. ڕێکخراوی تریش هەن وەکو سێرڤیسی ئامۆژگاری هاوڵاتیان، ئامۆژگاری خۆجێیی یان دەستە و تاقمی سەر بە پەنابەران کە ئەوانیش ئامۆژگاری و زانیاری بەخۆڕایی پێشکەش دەکەن.

**Multi-Cultural Resource Centre (Northern Ireland)**
Tel: 02890 238 645
www.mcrc-ni.org

**North of England Refugee Service Head Office (North East)**
Tel: 0191 245 7311
www.refugee.org.uk

**Refugee Action Head Office (East Midland, North West, South Central, South West)**
Tel: 020 7654 7700
www.refugee-action.org.uk

**Refugee Council Head Office (London, East of England, Yorkshire & Humberside, West Midlands)**
Tel: 020 7346 6700
www.refugeecouncil.org.uk
http://languages.refugeecouncil.org.uk

**Scottish Refugee Council**
Tel: 0141 248 9799
Freephone: 0800 085 6087
www.scottishrefugeecouncil.org.uk

**Welsh Refugee Council**
Tel: 019 2048 9800
www.welshrefugeecouncil.org

Asylum Support Partnership consists of:

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org